# کەرکوك لە نێوان بەرمیلە باروت وکلیلی چارەسەردا

**سەباح تاهیر**



دەوڵەتی عێراق هەر لەسەرەتای دروستبونییەوە لە ڕێکەوتێکی هەڵەو گوماناوی هاتۆتە ئاراوە ، ئەوەندەی لەبەرژەوەندی کۆلۆنیالزمی ئەوسا بنیاتراوە چارەکی ئەوەندە حیساب بۆ گەلو نەتەوەو ئاینزاو تایەفەکان نەکراوە. ئەگەرچی بەهۆی ناکۆکی نێوان تورکیا _ بەریتانیا سەرەتا بڕیارێك هەبوو کە تایبەتمەندی دانیشتوانی ویلایەتی موسل لەبەرچاو بگیرێت بەڵام دواتر ئەوەشیان بوە قوربانی بەرژەوەندی زلهێزەکان و وڵاتانی ئەقلیم . ئەویؒ ڕۆژێش زۆرینەی خەڵکی عێراقیش لە تایەفەی شیعە پەراوێزخران لە دەسەڵات بەهۆی هەڵوێستی ئەوسایان، هەرئەوەش بوو کوردئاسا بوونە قوربانی دەسەڵاتی ڕژێمە یەك لەدوا یەکەکانی کەمینەی عەرەبی سوننەی خاوەن دەسەڵات .

سەبارەت بە کەرکوك هەر لەسەرەتاوە خاڵی ناکۆکی سەرەکی ململانێی نێوان کورد و دەسەڵاتی عەرەبی عێراقی بوە ، بەهۆی بوونی ژێرخانی ئابوری نەوتە زۆرو زەوەندەکەی بەردەوام مەسارێکی ئەقلیمی یان دەتوانین بڵێین نێودەوڵەتی بەخۆوە گرتوە . زۆربەی زۆری ڕێکەوتن و گفتوگۆکانی نێوان بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان و ڕژێمەکانی بەغداش بەهۆی دۆسیەی کەرکوك و ناوچە ستراتیژیەکان بەبنبەست گەیشتوون یا هەرەسیان هێناوە .

دوای ڕوخانی ڕژێمی دڕندەی بەعس هەلومەرجێکی تایبەت هاتە ئاراوە لە 2003/4/9 تەواوی دامودەزگای دەوڵەتی عێراقی لەبەریەك هەڵتەکان ، دواتر بەبڕیاری دەسەڵاتی باڵای هاوپەیمانان سەرجەم دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکان و یاسا شۆڤینیەکان لە ڕووی یاساییەوەش هەڵوەشێنرایەوە بەپشت بەستن بەبڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش کە هێزەکانی ئەمەریکی وەکو داگیرکەر دەناسێ ، بەو پێیەش ئەو دەسەڵاتە یاساییە دەبەخشێت بەم هێزانە .

کورد ئەم هەلەی نەقۆزتەوە لە بەر هەر هۆکارێك بێت زاتی بێت یا مەوزوعی، لە ڕووی سەربازیەوە ئەم خاڵە ستراتیژیە بەڕێگا چارەی سەربازی یەکلایی بکاتەوە . بەو حوکمەی تاقە هێزی سەر گۆڕەپانی عێراقی بوو خاوەن هێزێکی چەکداری زەبەلاح و ڕێکخراوبێت بەبەراورد لەگەڵ هێزی لەبەر یەکهەڵوەشاوەی سوپای عێراقی و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئەو دەمە و هەلومەرجی لێواری جەنگی ئەهلی نێوان سوننەو شیعەی عەرەب ، کەبوە هۆی کوژران و ئاوارەبوونی دەیان هەزار لەوان. بە پێچەوانە کورد چارەسەری دووەمی هەڵبژارد ئەویش لە ڕێگای ئاشتی و دیموکراسیەوە . کورد وەك عامیلی لێکنزیکردنەوەی هەردوو تەرەف کەوتە کارو کەوتە جموجۆڵێکی بەرچاو لەگەڵ هاوپەیمانان بۆ هاتنە کایەی دەوڵەتێکی دامەزراوەیی بۆ یەکەم جار لە مێژووی عێراقدا ئەویش بەئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد و نوسینەوەی دەستووری هەمیشەیی لە ڕێگای کەسانی هەڵبژێردراو لە سەرجەم نەتەوەوتایەفەو ئاینزاکان دواتریش ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی سەرتاسەری لە عێراق بۆ پەسەندکردنی یا ............ ، سەرئەنجام ئەم دەستوورە لە لایەن زۆرینەی خەڵکی عێراقەوە پەسندکرا .

کورد مەسەلە چارەنوسسازەکانی خسبوە نێو بۆتەی دەستوورە هەمیشەییە و خۆشبەختانەش پەسەندکرا لەوانەش مەسەلەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان کەخۆی لە لە مادەی 140 ەوە دەدۆزیەوە ، کەبە ڕێو شوێنێکی گونجاو و سەقفێکی زەمەنی دیاریکراو جێبە جێدەکرا .

بەڵام ئەمجارەش وەك هەمیشە کە جێگای داخە دەسەڵاتی عەرەبی بێگوێدانە ئەم ئەزموونە تاڵەی ڕابردوو بە دنەی دەوڵەتانی ئەقلیم و عەرەبی کەوتنە بەربەست دروستکردن و ئاستەنگ نانەوە لەسەر ڕێگای پرۆسەکانی مادەی 140 بۆ چارەسەرکردنی دۆسیەی کەرکوك و...... هتد. ئەزمونی تاڵی مەسەلەی کورد لە عێراق هەر بەتەنها نەبۆتە ماڵوێرانی و کاولبونی کوردستان بەڵکو بۆتە هۆکاری جەنگی کاولکەر بۆ سەرتاسەری عێراق و وێرانکاری و بەهەدەردانی سەروەت وسامانی عێراق و قوربانیدانی عێراقیەکان بەگشتی . وەك چاودێران وسیاسەتمەداران ، جەنگی هەشت ساڵەی عێراق _ ئێران و جەنگی کەنداوی دووەم و سێەمیش بە دەرئەنجامی ئەم کێشەیە دەزانن .

کەواتە دۆسیەی کەرکوك و ناوچەکانی تر بەرمیلە درووتە بەڵێ ، ئەگەر چارەسەرێکی ڕاستو ڕەوان و دیموکراسیانەی بۆ نەدۆزرێتەوەو کۆتایی بەم مەسەلە چارەنوس سازە نەیەت . لەلایەکی تر کلیلی چارەسەریەکانیشە ئەگەر کۆتایی بەم کێشەیە بێت و یەکلایی بکرێتەوە ، سەرجەم عێراقیش لەم جەدەلە ڕزگاری دەبێت کە بەدەیان ساڵە پێوەی دەناڵێ .

عێراقی ئەمڕۆ و ئاییندە بە پێچەوانەی مێژووە تاڵو پڕ تراژیدیەکەی دەبێت لەسەر بنەمای نیازپاکی دابمەزرێت بۆ ئەوەی داهاتوویەکی پڕشنگدار و ئاسودە بەخۆیەوە ببینێت . چونکە سەرجەم ڕێگا چارەکانی تر لەم وولاتە تاقیکراوەتەوە سەرنجام نشووستی هێناوەو مەرگەسات و کاولکاری هاتۆتە بەرهەم . بۆیە تەنها ڕێگا چارە ، ڕێگای ئاشتی و دیموکراسییەو گەڕانەوەیە بۆ مەنتیقی عەقل و ڕاستیە مێژووییەکان ، کە بۆتە فاکتەری سەقامگیری و پێشکەوتن لە هەموو جیهان و تاکە ڕێگاشە بۆ عێراقیەکان ئەگەر بیانەوێت لە سەر بنەمای نیازپاکی مەسەلەکان یەکلایی بکەنەوە دوور لە دەستێوەردانی بێگانەو پەنا بردنە بەر پیلانی کاولکەرو تێکدەرانە .........